سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركـز الـدراسات المستقبليـة
Center for Future Studies

# ڕانانی ئایندەیی

ژمارە (١٢) نیسانی ٢٠٢٦

# بنبەستی سیاسی لە هەرێمی کوردستان؛ بژاردەو لێکەوتەکان

سلێمانی
نیسانی ٢٠٢٦

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
رِانانی ئایندەیی
ژمارە (١٢)، نیسانی ٢٠٢٦

# بنبەستی سیاسی لە هەرێمی کوردستان؛ بژاردەو لێکەوتەکان

توێژەران:

د.یوسف گۆران
د.عابد خالد رسول
د.فاروق عەبدول مەولود
د.جلیل عومەر عەلی

شوێن:
عێراق-هەرێمی کوردستان-سلێمانی
Address: Iraq - Kurdistan-Slemani
Tel: +٩٦٤ (٠) ٧٧٣ ٨٣٦ ٣٧٥٨ - +٩٦٤ (٠) ٧٥١ ٨٣٣ ٩١٣٥

ناونیشانی ئەلیکترۆنی
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Twitter: center_fs
Email: info@center.org

# پێڕستی تەوەرەکان


تەوەری یەکەم

◇ لێکدانەوەی دەستووری بۆ بڕاردەکانی دەرچوون لە بنبەستی سیاسی لە هەرێم...| ٣

تەوەری دووەم

◇ حکومەتی فیدراڵی و مامەڵە لەگەڵ بنبەستی سیاسی لە هەرێم..............| ٦

تەوەری سێیەم

◇ بنبەستی سیاسی و بڕاردەی دوو ئیدارەیی لە هەرێم...............................| ٩

# سەرەتا

لە دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان (لە ٢٠٢٤/١٠/٢٠) و بانگهێشتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ کۆبوونەوەی پەرلەمان (لە ٢٠٢٤/١١/٢٤) و گرێدانی یەکەم دانیشتنی پەرلەمان (لە ٢٠٢٤/١٢/٢) و بە کراوەیی هێشتنەوەی ئەو دانیشتنە تا ئێستا، هەرێمی کوردستان دووچاری بنبەستێکی سیاسی و دەستووریی قووڵ بووە، بە هۆی نەگەیشتنی هێزە براوە سەرەکییەکانی ئەو هەڵبژاردنە بە ڕێککەوتن لە سەر پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت و پشتگوێخستنی شەراکەت و هاوسەنگی لە ئیدارەداندا. بۆ تێپەڕاندنی ئەم قەیرانە و دەرچوون لەم بنبەستە، دەکرێت ئاماژە بە چەند بژاردەیەک بکرێت کە هەریەکەیان لێکەوتە و دەرهاویشتەی خۆی هەیە، ئەوانش: تەواوکردنی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت لە ڕێگەی ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتییەوە، یان هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە، یان پەنابردن بۆ دادگای باڵای فیدراڵی بۆ یەکلاکردنەوەی دۆخەکە، یاخود وەک کۆتا بژاردە دارشتنەوەی یاسایانەی حوکمڕانی هەرێم بەپێی سیستمی دوو ئیدارەیی کە پێش ساڵی ٢٠٠٥ هەبووە؛ لەو بژاردانەن کە هەندێکیان لێکەوتەکانی مەترسیدارە بۆ ئایندەی قەوارەی هەرێمی کوردستان.

ڕانانی ژمارە (١٢)، لە سێ تەوەردا شیکاری و تاوتوێ بۆ بژاردەکانی دەرچوون لە بنبەستی سیاسی لە هەرێمی کوردستان دەکات؛ بە ئاماژەدان بە لێکەوتە و ئاڵێنگارییەکانی ئەم قەیرانە سیاسییە لە هەرێم لە دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی ٢٠٢٤.

## تەوەری یەکەم: لێکدانەوەی دەستووری بۆ بژاردەکانی دەرچوون لە بنبەستی سیاسی لە هەرێم

**بژاردەی یەکەم**، تەواوکردنی پڕۆسەی پێکهێنانی حکومەتی نوێ، لە ڕوانگەی یاسایی و دەستوورییەوە سروشتیترین ڕێگەیە بۆ دەرچوون لەو بنبەستە سیاسییەی کە هەیە. دیارە هەنگاوە یاسایی و دەستوورییە پێویستەکان بۆ تەواوکردنی ئەم پڕۆسەیە، لە دوای بانگهێشتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ کۆبوونەوەی پەرلەمان (لە ٢٠٢٤/١١/٢٤) و گرێدانی یەکەم دانیشتنی پەرلەمان بە سەرۆکایەتی بەتەمەنترین ئەندامی (لە ٢٠٢٤/١٢/٢)، بریتییە لە: "یەکەم: هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان -سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەی وسکرتێری پەرلەمان- لە هەمان دانیشتنی یەکەمدا بە دەنگی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان، بە پێی مادەی ٤٨ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو"، "دووەم: هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە دەنگدانی ئاشکرا و بە دەنگی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، بە پێی مادەی ٤ی یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩"، "سێیەم: پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت کە بە سێ قۆناغدا گوزەر دەکات؛ **قۆناغی ناونانی** کەسێک بۆ بوون بە سەرۆکوەزیران بە دەنگی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان، **قۆناغی ڕاسپاردنی** ئەو کەسە لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان تا لە ماوەی ٣٠ ڕۆژدا ئەنجوومەنی وەزیران پێک بهێنێت، **قۆناغی متمانەدان** بەو پێکهاتە وەزارییەی کە سەرۆکوەزیران بە ئەرکی پێکهێنانی ڕاسپێردراوە بە دەنگی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان، بە پێی بڕگەکانی ٣ و٤ی مادەی ٥٦ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و بڕگەی ١٢ی مادەی ١٠ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ هەموارکراو". هەڵبەت لەبەرئەوەی کە لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکەی ٢٠٢٤دا هیچ لیستێک نەیتوانیوە زۆرینەی ڕەهای کورسییەکانی پەرلەمان بباتەوەو هەردوو هێزە سەرەکیەکەو هاوپەیمانەکانی هەمان سەنگ و قورسایی ژمارەی کورسیان هەیە، پێویست دەبێت هەرسێ هەنگاوەکەی سەرەوە (هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت) بە سازان لە نێوان هێزە سەرەکییە

براوەکان ئەنجام بدرێت، تا زۆرینەی ئاماژەپێکراو بۆ هەرسێ هەنگاوەکە دابین بکرێت. هەموو ئەمەش ئیرادە و متمانەی سیاسیی دەوێت، بە تایبەتی تێپەڕاندنی عینادیی سیاسی و دەستگرتن بەسەر هەموو جومگە سەرەکییەکانی دەسەڵات. هەتا ئەم دۆخە ڕاست نەکرێتەوە و جۆرێک لە هاوسەنگی دروست نەبێت، هەر پەکخستنێکی زیاتری پرۆسەکەش دەشێت لە ڕووی دەستووریيەوە وەک پابەندنەبوون بە سەروەری یاسا و جێبەجێ نەکردنی ئەرکێکی دەستووری لێک بدرێتەوە.

**بژاردەی دووەم**، کە خۆی لە هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و پەنابردن بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختە دەبینێتەوە، چارەسەرێکی دەستووریی ناچارییە، کە تێیدا بە هۆی شکستهێنانی لایەنەکان لە دروستکردنی حکومەت؛ پەنا بۆ نوێکردنەوەی متمانە و گەڕانەوە بۆ لای دەنگدەران دەبرێت. لەڕووی یاسییەوە (بەپێی برگەی ٤ی مادەی ١٠ی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان) هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان بە یەکێک لەم حاڵەتانە دەبێت: "١. ئەگەر زیاتر لە نیوەی ئەندامانی پەرلەمان دەست لەکاربکێشنەوە"، "٢. ئەگەر لەماوەی ٤٥ ڕۆژدا لە بانگهێشتکردنی بۆ کۆبوونەوەی خولی هەڵبژاردن؛ ژمارەی یاسایی ئەندامانی بۆ کۆبوونەوە بەدەست نەهات"، "٣. ئەگەر پەرلەمان متمانەی بە ٣ پێکهاتەی وەزاریی جیاوازی ئەنجوومەنی وەزیران یەک لەدوای یەک نەدا"، "٤. ئەگەر سیستمی هەڵبژاردنی پەرلەمان گۆڕا و خولی هەڵبژاردنیش ٦ مانگ یان کەمتری مابوو". هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان تەنها لەو حاڵەتانەدا دەبێت، بەو پێیە سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی نییەو هەروەها دەسەڵاتی ڕاگەیاندنی هەڵبژاردنی پێشوەختەشی نییە پێش هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان، واتا لە دوای هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان، سەرۆکی هەرێم لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا بە فەرمانێک ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتیی پەرلەمانی کوردستانی (هەڵبژاردنی پێشوەختە) ڕادەگەیەنێت، بە مەرجێک ڕۆژی هەڵبژاردن ٦٠ ڕۆژ دوای هەڵوەشاندنەوەی تێنەپەڕێنێت (بە پێی برگەی ٢ی مادەی ١٠ی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان). لەم کاتەدا بە ڕەچاوکردنی بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی، ئێستا سەرپەرشتیکردن و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکانی هەرێم کەوتووەتە ئەستۆی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق (بە پێی بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی لە ٢٠٢٣/٥/٣٠). هەڵبەت لەم حاڵەتەدا کابینەی پێشوو هەروەکوو ئێستای وەک "حکومەتی کاربەڕێکەر" بەردەوام دەبێت. خاڵی لاوازی ئەم بژاردەیە

ئەوەیە کە جگە لەوەی تێچوویەکی دارایی و سیاسیی زۆری هەیە، هیچ گرەنتییەک نییە کە نەخشەی سیاسی و قەبارەی هێزەکان بە ڕادەیەک بگۆڕێت کە قەیرانەکە چارەسەر بکات و ڕەنگە هەرێم بخاتەوە ناو هەمان چەرخەی بنبەستی سیاسی و بێمتمانەیی زیاتر بکات، بە تایبەت ئەگەر ئامانجی هەڵبژاردنی پێشوەخت بۆ تاکڕەوی و قۆرخکاری زیاتر بێت لە ڕێگەی گرتنەبەری ڕێوشوێنی ناشەرعی بۆ زیادکردن و گۆڕانکاریی پێشبینینەکراو لە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان.

**بژاردەی سێیەم**، کە دەشێت بە هۆی شکستهێنانی دوو بژاردەکەی پێشوو یان دەستنەبردن بۆیان، پەنا بۆ دادگای باڵای فیدراڵی ببرێت بۆ یەکلاکردنەوەی دۆخەکە (بە پێی مادەی ٩٣ی دەستووری عێراق ساڵی ٢٠٠٥، کە دەسەڵاتی فراوانی داوە بەم دادگایە بۆ چاودێریکردنی دەستووریبوونی یاساکان، لێکدانەوەی دەقەکان و یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان دەسەڵاتەکان - لە سەر ئاستی فیدراڵی و هەرێم و پارێزگاکان). بۆ ئەم بژاردەیە، دەکرێت نانەوەی بنبەستی سیاسی و پێکنەهێنانی حکومەت بۆ ماوەیەکی درێژ وەک "کەمتەرخەمی لە جێبەجێکردنی ئەرکی دەستووری"، یان "پێشێلکردنی بنەمای سەروەریی گەل و دەستاودەستکردنی دەسەڵات"؛ بکرێتە پاساو بۆ جووڵاندنی کەیسەکە لای دادگاکە، چ لە ڕێی دامەزراوەیەکی فیدراڵییەوە بێت (وەک سەرۆککۆمار کە پارێزەری دەستوورە)، یان لە ڕێی لایەنێکی هەرێمەوە کە لەو کەمتەرخەمی و پێشێلکردنە زەرەرمەند بووە. هەر چەندە بڕیارەکانی ئەم دادگایە بنبڕ و پابەندکەرن، بەڵام لە ڕووی کردارییەوە ناتوانێت ڕاستەوخۆ لایەنەکانی هەرێم بە گرتنەبەری بژاردەیەکی دیاریکراو ناچار بکات، ئەوپەڕی بڕیاری دادگاکە بە ئاڕاستەی دیاریکردنی ماوەیەکی زەمەنیی ناچاری دەبێت بۆ هێزە سیاسییەکانی هەرێم بۆ دستپێکردنەوەی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت، یاخود تەنانەت هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی هەرێم بە هۆی پەککەوتنیەوە، ئەمە جگە لەوەی کە ئەم بژاردەیە لە ڕووی سیاسییەوە جارێکی تر کردنەوەی گرێی کێشەکانی هەرێم لە دەستی هەرێم خۆیەوە دەباتەوە بۆ دەسەڵاتە فیدراڵییەکان، کە زۆربەی جار بڕیارەکانیان ڕەهەندی ناوەندگەراییان پێوە دیار بووە. هەروەها ئەگەری ئەوەش هەیە دادگای فیدراڵی بۆ زیاتر فشارخستنەسەر لایەنەکان، بڕیاری نایاسایبوونی بڕیارەکانی حکومەتی هەرێم بدات و هەنگاو و بڕیاری ستراتیجی لێ قەدەخە بکات.

**بژاردەی چوارەم**، داڕشتنەوەی حوکمڕانی هەرێم بەپێی سیستمی دوو ئیدارەیی

لەچوارچێوەی یەك هەرێمدا، هاوشێوەی ئەو دۆخەی کە لە ماوەی سالآنی (١٩٩٦-٢٠٠٥) لە نێوان هەولێر و سلێمانیدا بە حوکمی ئەمری واقیع هەبوو. گەرچی دەشێت ئەم بژاردەیە وەک پاشەکشێیەك و بە چاوێکی نیگەرانییەوە تێی بڕوانرێت، بەڵام لە ڕوانگەی یاسایی و دەستوورییەوە ئەم هەنگاوە بە تەواوی دەکەوێتە چوارچێوەی کاروبارە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان و ئازادیی هەرێم لە ڕێکخستنی دەسەڵاتەکانی (بەپێی مادەکانی ١١٦ تا ١٢١ی دەستووری فیدراڵیی عێراق). لەم چوارچێوەیەشدا دەکرێت بە پێی کلێشەی "لامەرکەزیی فراوان" کە مادەی ١٢٢ی ئەو دەستوورە ئاماژەی بۆ کردووە، هەرێم بە شێوەی دوو ناوچەی ئۆتۆنۆمی فراوان ڕێک بخرێتەوە، کە هەریەکەیان دامەزراوەی حوکمڕانی و سەرچاوەی دارایی و هێزی ئەمنیی تایبەت بە خۆی لە چوارچێوەی یەکپارچەیی هەرێمدا هەبێت. هەروەها مۆدیلەکانی (دوو ناوچەی ئۆتۆنۆمی) کلێشەی دیکەی ئەو دارشتنەوەیەی حوکمڕانی هەرێمن، هەر چەندە ڕەنگە هەندێک کلێشەی ئەم بژاردەیە لەلایەن هیچ هێزێکی سیاسییەوە خوازراو نەبێت، بەڵام بەردەوامبوون لە سەر سیاسەتی پەراوێزخستن و ناعەدالەتی لە ئیدارەدان و سەپاندنی دوو ئیدارەیی حزبی دیفاکتۆ، ئەگەری هەیە ئەم بژاردەیە بکاتە بەدیلێکی ناچاری بۆ زەرەرمەندانی ئەم سیاسەتە مەترسیدارە.

## تەوەری دووەم: حکومەتی فیدراڵی و مامەڵە لەگەڵ بنبەستی سیاسی لە هەرێم

دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پێی ئیستیحقاقی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە مانگی ١٠ ساڵی ٢٠٢٤، کێشەی یاسایی و ئابووری و سیاسیی بۆ هەرێمی کوردستان دروست کردووە و ماوەی حکومەتی ماوەبەسەرچووی لە هەرێم بۆ ئاستێکی پێوانەیی درێژ کردووەتەوە کە بڕیار و ڕاسپاردە و کارەکانی لە ڕووی شەرعیەتەوە سەنگ و بایەخی کەمترە، بە تایبەتی لە سەر ئاستی دەسەلاتی فیدراڵی، بەو پێیەی حکومەتی فیدراڵی وابەستەیە بە مامەڵەکردن لەگەڵ حکومەتێکی هەڵبژێردراو و خاوەن شەرعیەتی جەماوەری کە لە لایەن خۆیەوە بودجە و پێداویستییە لۆجستییەکانی بۆ دابین کراوە و ئەنجامەکانیشی پەسەند کردووە.

هەر چەندە حکومەتی فیدراڵی چەندین جار هۆشداریی داوە لەو بنبەستە سیاسییەی لە هەرێم هەیە و داوای لە لایەنە سیاسییەکانی کردووە هەوڵەکانیان چڕ بکەنەوە بۆ تێپەڕاندنی ئەو قەیرانە، بە تایبەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام فشار و هەوڵەکان بێ ئەنجام ماونەتەوە. لە هەندێک بۆنەدا حکومەتی فیدراڵی ئەم دۆخەی وەکوو بەربەستێکی مەبەستدار باس کردووە بۆ ڕێگرتن لە گفتوگۆ و چارەسەرکردنی بەشێک لە دۆسیە هەڵپەسێردراوەکانی نێوانیان، لەمەشدا ئاماژەی کردووە بە بوونی بەرژەوەندیی گەورەی حزبی و کەسی ناو حکومەتی ماوەبەسەرچووی هەرێمی کوردستان بۆ تێپەڕاندنی بەشێک لە کێشەکان .

سەرباری نیگەرانییەکانی حکومەتی فیدراڵی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە بەردەوامی و دێژەکێشانی بنبەستی سیاسی لە هەرێم لە دوای هەڵبژاردنی (٢٠٢٤)ەوە، بەڵام هەندێک ئەم بارودۆخە بۆ حکومەتی فیدراڵی وەکوو دەرفەت دەبینن کە ئەگەری هەیە دەرگای گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە سروشتی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی بهێنێتە کایەوە، بە جۆرێک چیتر مامەڵەی نێوانیان لەسەر بنەمای دەستور نەبێت، بەڵکوو گۆڕان بێت بۆ قۆستنەوەیەکی سیستماتیکی لە لایەن حکومەتی فیدراڵییەوە لە غیابی دامەزراوەی شەرعی لە هەرێم بۆ چەسپاندنی واقیعێکی نوێ کە سەربەخۆیی یاسایی و سیاسیی و دەستوری هەرێم زیاتر سنووردار بکات.

دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵ و نیوێک تەنها لە چوارچێوەی قەیرانێکی ناوخۆییدا نامێنێتەوە، بەڵکوو کەلێنێکی گەورە دەخوڵقێنێت کە حکومەتی فیدراڵی دەتوانێت لە ڕێگەی دادگای باڵای فیدراڵی و پێودانگە دەستووری و یاساییەکانەوە هەرێم زیاتر پابەند بکات، قەیرانە ناوخۆییەکانی هەرێم بە ناوەندی بکرێن و کێشە و پرسە سیاسییەکانی لە دەستی هەرێمەوە بگوازێتەوە بۆ دەسەلاتە

فیدراڵییەکان، ئەمەش کۆمەکێکی باشی ناوەندگەرایی و دووبارە دارشتنەوەی سیستمی فیدراڵی دەکات ئەگەر حکومەتی فیدراڵی وەبەرهێنانی لە سەر بکات کە دەکرێت لێرەدا ئاماژە بە دوو لێکەوتە بکرێت.

**یەکەم: دەستتێوەردانی زیاتر لە هەرێم**

ئەگەر حکومەتی فیدراڵی بەهۆی پێکنەهێنانی حکومەتی هەرێمەوە وەک دەرفەتێک سەیری بنبەستی ئێستای هەرێم بکات بۆ کۆتایهێنان بە سەردەمی یەکگرتووی هەڵوێستی کوردی و شەرعیەتی دامەزراوەیی بەرامبەر حکومەتی فیدراڵی، لە ڕووی سیاسییەوە بەردەوامیی ئەم کێشەیە چانسی زیاتر بە بەغدا دەدات کە چیتر وەک ناوەندێکی بڕیاردانی یەکگرتوو سەیری هەولێر نەکات، بەڵکوو وەکوو بژاردەیەکی ناچاری مامەڵە لەگەڵ حکومەتی ماوەبەسەرچووی هەرێمدا بکات، کە لە پرۆسەی دانوستان و بڕیارداندا ڕەچاوی هاوسەنگی بەرژەوەندی هاوبەش نەکات، بە تایبەتی لەو پرسە گرنگانەی کە ڕەهەندی دارایی و ئەمنی و سیاسییان هەیە، جگە لەوەش ئەم دابەشبوونە قووڵەی ناوخۆی هەرێم دوای هەڵبژاردنی ٢٠٢٤ کە هۆکاری سەرەکیی نەبوونی متمانە و شەراکەت و هاوسەنگی و قۆرخکارییە لە دەسەڵات، قورسایی کورد وەک "پارسەنگی یەکلاکەرەوە" لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا لاوازتر کردووە. ئەگەر پێشتر حکومەتی هەرێم لە هەندێک کەیس و بابەتی فیدراڵیدا مەرج و هەڵوێستی خۆیان سەپاندبێت یان ئاستی پابەندێتیی بە سەرجەم بڕیارەکانی حکومەتی فیدراڵییەوە کەمتر بووبێت، ئێستا دۆخەکە پێچەوانە بووەتەوە و هەرێمی کوردستان لە هاوبەشێکی دەستووریی بەهێزەوە گۆڕاوە بۆ ئیدارەدان و بەڕێکردنی پرسەکانی ڕۆژ بە پێی خواستی بەغدا.

مەترسیدارترین ئەنجامی ئەم بنبەستە سیاسییە؛ لەدەستدانی جڵەوی حکومەتی هەرێمە بەسەر دۆسێ زیندووەکاندا، بە تایبەتی دۆسێی وزە کە لەم ماوەیەدا حکومەتی فیدراڵی سەرکەوتوو بوو لە قۆستنەوەی سیاسەتی وزەی هەڵەی هەرێم و بۆشایی حکومەت و فشاری دادوەری بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی کۆمپانیای "سۆمۆ" بەسەر نەوتی هەرێمدا و ڕۆڵی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی بۆ ڕۆڵێکی کارگێڕیی لاوەکی گۆڕیوە، ئەمەش بووە هۆی ڕادەستکردنی بەڕێوەبردنی کێڵگە و کۆمپانیا نەوتییەکان بە حکومەتی فیدراڵی بە شێوەیەکی پلەبەندی. لە دۆسیەی پێناسی گومرگیشدا، حکومەتی فیدراڵی فشارەکانی لە سەر هەرێم زیاتر کردووە بۆ ملدان بە سیستمی "یەکخستنی گومرگی" و کۆنترۆڵکردنی دەروازە سنوورییەکان. بە جێبەجێکردنی ئەم سیستمە دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم دەربارەی سیاسەتی گومرگی سنوردارکردوە.

**دووەم: لاوازبوونی فشاری دەرەکی لە سەر حکومەتی فیدراڵی**

هەمیشە هەرێمی کوردستان هێزی نێودەوڵەتیی خۆی لەوەوە وەرگرتووە کە نموونەیەک بوو بۆ سەقامگیری و دیموکراسی لە ناوچەیەکی پڕ کێشەدا، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەک قەوارەیەکی نیمچەدەوڵەت مامەڵەی لەگەڵدا کردووە. بەڵام شکستهێنان لە پێکهێنانی حکومەت بۆ ماوەیەکی پێوانەیی و تێپەڕاندنی هەموو وادە دەستوورییەکان، پەیامێکی نەرێنیی بۆ پایتەختەکانی جیهان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ناردووە بەوەی وەک دەسەڵاتێکی "ناشەرعی" یان "ماوەبەسەرچوو" سەیری دامەزراوەکانی هەرێم بکات و خواستی ئەوانی بۆ بەرگریکردن لە مافە دەستوورییەکانی هەرێم لە بەرامبەر هەژموونی حکومەتی فیدراڵی لاواز کردووە.

درێژەکێشانی ئەم بنبەستە سیاسییە وا دەکات نێردە دیپلۆماسییەکان وەک دیفاکتۆیەک مامەڵە لەگەڵ هەرێم بکەن نەک وەک قەوارەیەکی دەستووری کە ئەگەری هەیە حکومەتی فیدراڵی سوود لەم پاشەکشە نێودەوڵەتییە وەربگرێت بۆ ئەوەی بەغدا ببێتەوە بە تاکە نوێنەری شەرعی و باڵادەست بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دەرەکی بە هەرێمی کوردستانەوە ، ئەمەش زەمینەسازی دەکات بۆ قۆناغێك کە ڕەنگە تێیدا دانپێدانانی نێودەوڵەتی بە تایبەتمەندییە سیاسییەکانی هەرێم لاواز بێت و لە چاوی دەرەوەدا بگۆڕێت بۆ تەنها پرسێکی ناوخۆیی عێراقی کە لە لایەن دەسەڵاتی فیدراڵییەوە ئیدارە بدرێت.

لە کۆتاییدا دەکرێت بگوترێت کە هەرچەندە حکومەتی فیدراڵی هانی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانی داوە پەلە بکەن لە پێکهێنانی حکومەت و کۆتاییهێنان بەو بنبەستە سیاسییە، بەڵام لە هەمانکاتدا مەترسیی ئەوە هەیە ئەم ڕەوشە بیرۆکەی نێوەندگیری تێپەڕێنێت و بگاتە ئاستی کەمکردنەوەی دەستکەوتە سیاسییەکانی دوای ٢٠٠٣ لە ڕێگەی بەشداریکردن لە دۆسیە ئابووری و ئەمنییەکان، لێدانی شەرعیەتی دەستوریی و یاسایی هەرێم؛ بناغەی عێراقێکی ناوەندگەرا بەهێزتر دەکات. ئەم واقیعە هێزە سیاسییەکانی هەرێم دەخاتە بەردەم دوو بژاردە: یان کۆتاییهێنان بە بنبەستەکە لە سەر بنەمای شەراکەتی ڕاستەقینە و کۆتاییهێنان بە قۆرخکاریی جومگە سەرەکییەکانی دەسەڵات بۆ پاراستنی ئەوەی لە قەوارە دەستوورییەکەدا ماوەتەوە، یان بەردەوامبوون لە ململانێی ناوخۆیی و عینادیی سیاسی کە ئەنجامەکەی تەنها گۆڕینی هەرێم دەبێت بۆ قەوارەیەکی کارگێڕیی بێڕۆحی سیاسی.

## تەوەرەی سێیەم: بنەستی سیاسی و بژاردەی دوو ئیدارەیی لە هەرێم

خستنەڕووی بژاردەی "دوو ئیدارەیی" وەک چارەسەرێک بۆ قەیرانی بنبەستی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، هەوڵێکە بۆ تێپەڕاندنی ئەو دوو ئیدارییە حیزبییە دیفاکتۆیەی کە ئێستا جومگەکانی حوکمڕانی ئەم هەرێمەی پێکهێناوە. ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە کە ئەم لێکترازانە بنەمای سازان و میکانیزمی شەراکەتی سیاسی لە ناوەندی بڕیاردانی هەرێمی کوردستاندا پەکخستووە و متمانەی لەنێوان هێزە پێکهێنەرەکانیدا نەهێشتووەو شێوازێک لە حوکمڕانی بەرهەمهێناوە کە ناوچەکانی ژێر نفووزی حزبی باڵادەستی لە پایتەختی هەرێم (هەولێر و دهۆک) بەهۆی قۆرخکاری لە دابەشکردنی سەرچاوە داراییەکان لە گەشەی ئابوری و ئاستێکی جیاواز لە خزمەتگوزارییە گشتییەکان بەهرەمەند کردووە و ناوچەکانی دەرەویشی (سلێمانی و هەڵەبجە)ی لەو گەشە و خزمەتگوزارییانە بەهۆی ناعەدالەتی کەمتری بەخۆیەوە بینیوە. لێرەوە ئامانج لە خستنەڕووی بژاردەی دوو ئیدارەیی بەشێوەیەکی یاسایی نەک حزبی، وەک جۆرێک لەوەی لە یاسای دەستوریدا بە (ناناوەندێتی سیاسی هەرێمی – اللامركزية السياسية الاقليمية) ناسراوە، دەشێت لەلایەک بۆ کۆتاییهێنان بەو ناعەدالەتی و پەراوزخستە بێت، لەلایەکیتر بۆ ڕێگرتن لە لێکترازانی زیاتر و ئەگەری پێکدادانی توندو پاراستنی بەرژەوەندییە ناوچەییەکان لە چوارچێوەی بەرژەوەندی گشتی هەرێمدا بێت. ئەم بژاردەیە بەوشێوەیە کە لێرەدا وەک چارەسەر خراوەتەڕوو دەکرێت وەک فۆرمێکی یاسایی لە فۆرمەکانی بەڕێوەبردنی فرەچەشنی و جیاوازی سیاسی و ئۆتۆنۆمی ناوچەیی لێکبدرێتەوە.

هەڵبەت خولیای بە یەکگرتوویی هێشتنەوەی باشوری کوردستان لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١، بنچینەی دامەزراندنی یەکەمین پەرلەمان و حکومەتی هەرێم بوو لە ١٩٩٢. بەڵام ململانێی دەستبەسەرداگرتنی داهاتە گومرگیەکان و دەستتێوەردانی دەرەکی و بێمتمانەیی مێژوویی نێوانیانەوە، بووە هۆی شەڕی ناوخۆیی لە ١٩٩٤ و دابەشبوونی هەرێم بۆ دوو ئیدارەی دیفاکتۆ لە ١٩٩٦. دوای ڕێککەوتنی واشنتن لە ١٩٩٨ و ڕووخانی بەعس لە ٢٠٠٣ و چەسپاندنی پێگەی هەرێم لە دەستووری عێراقدا لە ٢٠٠٤ و٢٠٠٥ دا حکومەتی هەرێم بە فەرمی یەکیگرتەوە، بەڵام بە کرداری واقیعی "دوو ئیدارەیی حزبی" تا ئێستاش لە سێ ڕەهەندی سەرەکیدا ماوەتەوە:

١. **کارگێڕی:** دابەشبوونی دەسەڵاتی بڕیاردان لەنێوان هەولێر و سلێمانی بەپێی نفوزی حزبەکان.

٢. **ئەمنی:** مانەوەی هێزەکانی ٧٠ و ٨٠ و دەزگا ئەمنییەکان لە دەرەوەی کۆنترۆڵی یەکگرتوویی نیشتمانی هەرێم.
٣. **ئابووری:** بەردەوامیی ململانێ لەسەر نەوتی قۆرخکردوو، گاز و دەروازە سنوورییەکان، کە بەستراوەتەوە بە هاوکێشە و بەرژەوەندیی هێزە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکانەوە.

ئەم جۆرە لە دوو ئیدارەیی حزبی، لەسەردەمی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمدا زۆربەی ئەڵقەکانی ئەو یەکگرتنەوە فەرمییە لاوازەش کە هەبوو بەرە و لێکهەڵوەشانەوە برد، لە ئاکامدا ئێستا دۆخێک دروستبووە کە هێزێک توانا یاساییەکانی کۆکردنەوەی داهات و دامەزراوە وەزارییەکانی حکومەتی لە پایتەخت بۆ خزمەتکردنی ناوچەی نفووزی خۆی و کۆکردنەوەی دەنگ لە هەڵبژاردنەکاندا بەکاردەهێنێت، و ناوچەکانی جێی نفووزی هێزەکەیتر پەراوێزبوون و خزمەتگوزارییەکان کەمیکردووە. ئەم دۆخەدا وای لە حکومەتی هەرێم و پایتەختەکەی کردوە کە چیتر بەپراکتیکی حکومەتی هەموو هەرێمی کوردستان نەبێ و جێی متمانەی هەموو ناوچەکانی هەرێم نەبێت و بەتەواوی دوو ئیدارەیی حزبی تۆخ بکاتەوە.

بەهەرحاڵ، درێژەدان بەم دوو ئیدارەییە بە فۆرمە حزبییەکەی ئێستای لەڕووی دەستوورییەوە نایاساییە و قەوارەی هەرێمی لاواز کردووە. بۆیە دەبێت چارەسەری ئەم دۆخە بخرێتە چوارچێوەیەکی یاسایی ڕێکخراوەوە، تا کۆتایی بەو ناعەدالەتی و پەراوێزخستنە بهێنت کە لەنێوان ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستادا هەیە، ئەو ڕێکخستنە یاساییەش دەکرێت لە ڕێگەی دوو مۆدێلی جیاوازەوە دابڕێژرێت:

**مۆدێلی یەکەم:** بریتییە لە چەسپاندنی لامەرکەزییەتی ئیداری و دارایی فراوان، بەشێوەیەک کە قەوارەی هەرێم وەک خۆی بمێنێتەوە، بەڵام لەڕێی یاسایەکی نوێ، یان هەموارکردنەوەی یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٩ی ئەنجومەنی پارێزگاکان، هەردوو پارێزگای (سلێمانی و هەڵەبجە) لە ناوچەیەکی ئیدارەی فراوانتر لە پارێزگا، تەنانەت دەشێت هەردوو پارێزگای (هەولێر و دهۆک) بەهەمان شێوە لە ناوچەیەکی ئیدارەی فراوانتر لە پارێزگا ڕێکبخرێنەوە، بەشێوەیەک هەریەک لەو دوو ناوچە ئیدارییە فراوانە، دەسەڵاتی کارگێڕی خۆبەڕێوەبردن و دارایی و ئەمنی سەربەخۆ خۆیان هەبێت بەبێ گەڕانەوە بۆ ناوەند لە پایتەختی هەرێم. لێرەدا حکومەتی هەرێم دەبێتە دەزگایەکی هەماهەنگیکار کە تەنها سەرپەرشتیی دارشتنی سیاسەتە گشتییەکان و پەیوەندییەکانی دەرەوە دەکات.

**مۆدێلی دووەم:** بریتییە لە دارشتنی سیستمی دوو ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە ناو چوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا، لەگەڵ کردنی هەولێر وەك پایتەخت بە شارێکی ئۆتۆنۆمی سێیەم، کە جیاوازبێت و سەربە هیچ کام لە دوو ناوچە ئۆتۆنۆمیەکە نەبێت، ئەمەش دەکرێت بە یاسایەک لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە ڕێکبخرێت. بەم پێیە، هەر ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیرانی خۆی هەبێت بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیی، بەڵام پرسە نیشتمانییە باڵاکانی هەرێمی کوردستان (دیپلۆماسی و نوێنەرایەتیکردنی کورد لە بەغدا) لەڕێی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە پایتەخت بەڕێوەببرێن.

لە کۆتاییدا، چەمکی دوو ئیدارەیی دەکرێت وەک میکانیزمێک بۆ بەڕێوەبردنی ململانێ و فرەچەشنی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بخوێندرێتەوە و ڕەوایەتیی زانستی پێبدرێ. ئەوەی مەترسیدارە، فۆرمە حزبییە نارێکخراو و لەیاسا دەرچووەکەی دوو ئیدارەییە. گۆڕینی ئەم واقیعە نایاساییە بۆ سیستمێکی یاسایی، چ لەڕێگەی لامەرکەزییەتی فراوان، یان دوو ناوچەی ئۆتۆنۆمی، لەگەڵ کردنی هەولێر وەك شار بەناوچەیەکی ئیدارەی سەربەخۆ، تا کۆتایی بەو ناعەدالەتی و پەراوێزخستنە بهێنت کە لەنێوان ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستادا هەیە.

# کۆتایی

پێکهێنانی حکومەت بە سازانی سیاسی لەسەر بنەمای هاوسەنگی و شەراکەت و عەدالەت لە بەڕێوەبردن، گونجاوترین و تەندروستترین بژاردەی یاسایی و دەستوورییە کە دەتوانێت بنبەستی سیاسی لە هەرێمی کوردستان کۆتایی پێ بهێنت و سەقامگیری بپارێزێت. سەختیی ئەم پڕۆسەیە تەنها ئیرادەو متمانەی سیاسیی دەوێت کە هێشتا لە ناو لایەنە سیاسییەکاندا ئەم پاڵنەرە غایبە. سەبارەت بە بژاردەی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و هەڵبژاردنی پێشوەختە، جگە لەوەی پڕۆسەیەکی درێژخایەن و پڕ تێچووە، هیچ گرەنتییەک نییە کە نەخشەی سیاسی و قەبارەی هێزەکان بە ڕادەیەک بگۆڕێت و قەیرانەکە تێبپەڕێنێت. هەر چی پەیوەندیی بە پەنابردن بۆ دادگای باڵای فیدراڵی هەیە، بژاردەیەکی زۆر خوازراو نییە جیا لەوەی دەرگای کاروبارە ناوخۆییەکانی هەرێم بە ڕووی دەستێوەردانی دەسەڵاتە فیدراڵییەکاندا دەکاتەوە و ئەگەری هەیە کێشەکانی هەرێم بە ناوەندی بکرێن بەڵام گەر هیچ چارەسەرێك نەبوو بۆ دەرچووون لەم چەقبەستنە سیاسی و یاساییە ڕەنگە دواهەمین بژاردەی ناچاری بێت. نەخوازاوترین بژاردەش گەڕانەوەیە بۆ دۆخی دوو ئیدارەیی کە دەرچەیەکی ناچارییە بۆ خۆتەرخانکردنی هەر لایەک بۆ خزمەتی هاوڵاتییانی ناوچەی خۆی لە پێناو ڕێگرتن لە قووڵبوونەوەی زیاتری ململانێکان.

# سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
# سەنتەرێکی توێژینەوەی زانستی ناحکومییە دامەزراوە بۆ سوودی گشتی

## ئامانجەکانی سەنتەر:

١. پاڵپشتیکردنی پرۆسەی لێکۆڵینەوەی زانستی و هاندانی پسپۆڕ و لێکۆڵەران بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ ئەو بابەتانەی بایەخدارن بۆ پسپۆڕییەکانی ئاینەدەزانی ستراتیژی و سیاسەتی گشتی و دەرەکی.

٢. بەشداریکردن لە پێشکەوتن و بەرەوپێدانی فەلسەفەی لێکۆڵینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستاندا.

٣. پێشکەشکردنی ڕاوێژی زانستی و شارەزایی لێکۆڵینەوە بە دەزگا حکومییەکانی هەرێم.

٤. پێشکەشکردنی ڕاوێژی زانستی و شارەزایی لێکۆڵینەوە بە کەرتی تایبەت و دەزگا ناحکومییەکانی هەرێم.

٥. بەشداریکردن لە بەرەوپێدانی پڕۆگرامی خوێندن لە بوارەکانی پەیوەندیدار بە پسپۆڕییەکانی سەنتەر.

٦. ئەنجامدانی کۆنفرانس و سیمیناری زانستی بۆ پشتیوانیکردنی پرۆسەی توێژینەوەی زانستی.

٧. هەماهەنگیکردن لەگەڵ سەنتەرە حکومی و ناحکومییەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی لە ناوخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستان و ناوخۆ و دەرەوەی عێراق لە پێناو گواستنەوە و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا و شارەزایی زانستی.

٨. بەدواداچوون و پێوانەکردنی ئاراستەکانی ڕای گشتی بۆ ئەو بابەتانەی جێگەی بایەخی هاووڵاتیانن.

٩. ڕاهێنان و پێگەیاندنی توێژەر لە بواری پسپۆڕییەکانی سەنتەردا.

١٠. کارکردن لەسەر ئەو پرس و دۆزە ستراتیژییانەی کە تائێستا لە کوردستاندا بە شێوەیەکی زانستی و بەپێی پێوەرە ئەکادیمییەکان کاریان لەسەر نەکراوە.

## چالاکییەکانی سەنتەر:

١. نووسین و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زانستی و پۆڵەسی پەیپەر و کتێب و بڵاوکردنەوەیان.

٢. ئەنجامدانی کۆنفرانس و کۆنگرەی زانستی و کۆڕ و سیمینار.

٣. دەرکردنی گۆڤارێکی ئەکادیمی مەحکەم و متمانەپێدراو و هەردوو وەرزنامەی ئایندەناسی و ئێرانناسی.

٤. ئەنجامدانی چاوپێکەوتن و بەرنامەی میدیایی.

٥. وەرگێڕانی کتێب و جۆرناڵ و بڵاوکردنەوەی سەرچاوەی بیانی پەیوەندیدار بە پسپۆڕییەکانی سەنتەر.

٦. سوودوەرگرتن لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بە گشتی و ئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ ئاراستەکانی ڕای گشتی.

٧. کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لەسەر کایەکانی سیاسەتی گشتی لە هەرێمی کوردستان و شیکردنەوە و بڵاوکردنەوەیان.

## حول: مركز الدراسات المستقبلية

## مركز غير حكومي تأسس لإجراء دراسات علمية بغرض تحقيق المصلحة العامة.

### أهداف المركز:

١. دعم عملية البحث العلمي وتشجيع المختصين والباحثين لأجراء البحوث في المجالات المتعلقة بالدراسات المستقبلية والسياسة العامة والاستراتيجية والشؤون الخارجية.

٢. المساهمة في انماء فلسفة البحث العلمي وتطويرها في اقليم كوردستان.

٣. تقديم استشارات علمية والخبرة البحثية للمؤسسات الحكومية في اقليم كوردستان.

٤. تقديم استشارات علمية والخبرة البحثية للقطاع الخاص والمؤسسات غير الحكومية في اقليم كوردستان.

٥. المساهمة في تطوير المناهج الدراسية في المجالات المتعلقة باختصاصات المركز.

٦. تنظيم مؤتمرات وندوات علمية لدعم عملية البحث العلمي وتعزيزها.

٧. التنسيق مع المراكز الحكومية وغير الحكومية المعنية بالبحث العلمي داخل اقليم كوردستان وخارجه، بهدف تبادل الخبرات العلمية معها.

٨. متابعة إتجاهات الرأي العام وقياسها حول القضايا التي تجذب اهتمام المواطنين وتؤثر في مصالحهم.

٩. اعداد الباحثين وتأهيلهم في المجالات التي تختص بها المركز.

١٠. العمل على دراسة القضايا الاستراتيجية في اقليم كوردستان التي لم تدرس وفق المعايير العلمية.

### نشاطات المركز:

١. اجراء البحث العلمي و نشره.

٢. تنظيم المؤتمرات والندوات العلمية.

٣. نشر الكتب و الدراسات العلمية المتعلقة باختصاصات المركز.

٤. اصدار مجلة علمية محكمة.

٥. التواصل مع قنوات الاعلام المعنية باهتمامات المركز واجراء الاستفتاءات العلمية لقياس اتجاهات الرأي العام.

٦. ترجمة الكتب و الدراسات العلمية الاجنبية المتعلقة باختصاص المركز ونشرها.

٧. رصد المعلومات والبيانات في جميع مجالات السياسة العامة في اقليم كوردستان وتحليلها ونشرها.

## Centre for Future Studies (CFS)

## A Non-Governmental Centre for Academic Research in the Public Interest.

### Aims and objectives:

1.To promote expertise and support research activities in the fields of politics and international relations, with a particular focus on the future of strategy and public and foreign policies.
2.To contribute to the development and enhancement of the philosophy of scientific research in Iraqi Kurdistan.
3.To provide the governing institutions of the Kurdistan Regional Government (KRG) with professional and expert advice.
4.To provide the private sector and non-governmental organizations operating in Iraqi Kurdistan with professional and expert advice.
5.To contribute to the enhancement of curricula in the fields of the centre's expertise.
6.To hold scientific conferences and seminars on current and future domestic and international political and strategic issues.
7.To coordinate with governmental and non-governmental research centres inside and outside Iraqi Kurdistan, with the aim of exchanging ideas and expertise.
8.To monitor and assess the directions of, and trends in, public opinion in Iraqi Kurdistan, particularly on issues crucial to the stability and prosperity of the region.
9.To train and qualify researchers in the centre's areas of expertise.
10.To address the region's strategic issues that have not yet been examined from an academic and scientific standpoint.

### Activities:

1.To conduct and publish scientific research.
2.To hold regular conferences, seminars, and talks on current and future domestic, regional, and international political and security issues.
3.In addition to policy papers, analytical reports, and books, the centre publishes a scientific journal primarily concerned with the future of domestic, regional, and international strategic and security issues.
4.To conduct interviews and engage with public and private media.
5.To translate and publish books and journal articles from English and other foreign languages into Arabic and Kurdish, on topics within the centre's areas of expertise.
6.To conduct opinion polls on various domestic political issues in Iraqi Kurdistan.
7.To gather data and publish analyses on various issues related to public policy in Iraqi Kurdistan.

# ڕانانەکانی
# سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

CFS
Center for Future Studies


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies
ڕانانی ئایندەیی ژمارە (١)
ئایندەی عێراق و هەرێم
لە گێژاوی پرسە هەنووکەییەکاندا
خۆپیشاندان، پێکهێنانەوەی حکومەت، پرۆژەی هەرێمی سوننەنشین و کشانەوەی ئەمریکا
شوبات ٢٠٢٠
www.centerfs.org


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies
ڕانانی ئایندەیی ژمارە (٢)
پرسە دژوارەکانی هەرێمی کوردستان و ئایندەی چاکسازییان
ڤایرۆسی کۆرۆنا و ئاسایشی تەندروستی، کۆنگرەکان و دیموکراسیی ناوخۆیی پارتە سیاسییەکان
ئازار ٢٠٢٠
www.centerfs.org


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies
ڕانانی ئایندەیی ژمارە (٣)
ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان
شیعە و پێکهێنانەوەی حکومەت، ناناوەندێتی، چارەنوسی دیلەکانی داعش
نیسان 2020
www.centerfs.org


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies
ڕانانی ئایندەیی ژمارە (٤)
حکومەتی نوێی عێراق و قەیرانی ئابووریی هەرێمی کوردستان
لەمپەر و سیناریۆکان
ئایار 2020
www.centerfs.org


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies
ڕانانی ئایندەیی ژمارە (٥)
ئایندەی گفتوگۆ و ڕێککەوتنەکان
سێکوچەکەی هەولێر - بەغدا - واشنتۆن
دەرفەت و کۆسپەکان
سلێمانی
حوزەیران 2020
www.centerfs.org


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies
ڕانانی ئایندەیی ژمارە (٦)
جێکەوتەی جەمسەربەندییە هەرێمییەکان
لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان؛
دەسوەردانەکانی تورکیا، ڕێککەوتنی ئێران-چین
سلێمانی
تەموزی ٢٠٢٠
www.centerfs.org


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies
ڕانانی ئایندەیی ژمارە (٧)
ئایندەی هەرێمی کوردستان
لە بەردەم ئاڵنگارییەکانی ناوخۆ و دەرەوەیدا
گرفتە سیاسی و ئابوورییەکان، پەروەردە و خوێندنی باڵا
سلێمانی
ئاب ٢٠٢٠
www.centerfs.org


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center for Future Studies
ڕانانی ئایندەیی ژمارە (٨)
ئایندەی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا؛ فیدراڵیەتێکی ناجێگیر
پاشخان، لایەنە کاریگەرەکان، سیناریۆ و ڕاسپاردەکان
سلێمانی
کانونی دووەم ٢٠٢١
www.centerfs.org


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies
ڕانانی ئایندەیی ژمارە (٩)
سەردەمی بایدن...
سیاسەتی ئیدارەی نوێی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا؛
لێکەوتەکانی لەسەر عێراق و کوردستان
توێژەران:
د.یوسف گۆران، د.ئومێد رفیق فتاح، د.عابد خالد رسول، د.هەردی مهدی میکە
سلێمانی
شوباتی ٢٠٢١
- سەردەمی بایدن... سیاسەتی ئیدارەی نوێی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا؛
لێکەوتەکانی لەسەر عێراق و کوردستان
www.centerfs.org


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies
ڕانانی ئایندەیی ژمارە (١٠)
ئایندەی پێکهێنانی حکومەتی نوێ لە گێژاوی ململانێکانی عێراقدا
ململانێکانی نێو ماڵی شیعە- سونە- کورد و کاریگەرییە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان
توێژەران:
د. یوسف گۆران، د. ئومێد رفیق فتاح، د. عابد خالد رسول، د. هەردی مهدی میکە
سلێمانی
نیسانی ٢٠٢٢
www.centerfs.org


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center for Future Studies
قراءات مستقبلية
رقم (١١) آذار ٢٠٢٦
العراق في خضم الحرب بين
(أمريكا ـ إسرائيل) و (إيران)
السليمانية
آذار ٢٠٢٦

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركــز الــدراسات المستقبليـــة
Center for Future Studies

قرأت مستقبلية رقم (١٢)

# الانسداد السياسي في إقليم كوردستان؛ الخيارات والتداعيات

Future Readings No.12

# Political Deadlock in the Kurdistan Region: Options and Implications

www.centerfs.org
2026